## پرۆگـرام و پە یرە وی ناوخۆی
## کۆمە ڵە ی کوردی رۆسکیلــە

### پە رە گرافی یە کـە م
ناو وپـێ ناس

١ـ ناو: کۆمـە ڵە ی کوردی رۆسکـــیلە

٢ـ پیـــناس: کۆمـە ڵە ی کوردی رۆسکـــیلە دامە زراویکی کـــۆمە ڵایە تی، کـە لتوری کوردی ســــەربە خۆیە لەشـارە وانی رۆسکـــیلە.

### پە رە گرافی دووە م
ئـە کـ ئـامانجـە کـانی.

١ـ هــە وڵدان بۆ نزیک بوونەوە و بـەهـێزکردنی پەیوەندی دۆستایەتی نـێوان هـــەمـوو کوردیـک و بــەتایبەت ئەندامان وە نەهـێشتنی گـێروگرفتی کۆمەڵایەتی‌یەکان.

٢ـ پشتگیری کـردن لەمافی ڕەوای گـەلەکـەمـان.

٣ـ ناسـاندنی مـەسـەلە و کـەلـتوری کــوردی بـــەدانشـــتوانی ناوچـەکـــە، ئــەوەش بەسـازکـردنی ئاهــەکـ و کـۆڕ و چـالاکی لەناوچـەکەدا.

٤ـ یارمەتـیدان و پشـتگیری کــردن لەو کـوردانەی پرۆژەی هـونەری، کـەلتوری، زانیاری و وەرزشی یان بـەدەستەوەیە.

٥ـ گـرنگی و پەرەپـیدان بـە قـــوتابخـانەی کـوردی لە رۆسکـــیلە

٦ـ پـەیداکـردن و پتەوکـردنی دۆستایەتی لەنێوان ئـێـمـەو گەلی دەنمارکـ

٧ـ پـــەیداکـردن و پـــتەوکـردنی دۆســـتایەتی لەنـــێوان ئـــێـمـەو پـــەناهـەندەکانی گـــەلانی دی لەناوچـەکـەدا

٨ـ هـاوکـاری و پـەیوەندیـکردن لە گـەڵ هــەمـوو ریکـخراوە مـرۆڤایـەتی‌یەکاندا.

### پە رە گرافی سی‌یەم
١ـ ئەندامێـتی

١ـ١ هـەمـوو کـوردێـک بـۆی هـەیـە ببیتـە ئـەندام بـەمـەرجێـک:

١ـ١ـ١ بروای بەپرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆ هەبـێت و کـاری پـێبکات

١ـ١ـ٢ ئـابوونە بدات

١ـ١ـ٣ هـەمـوو کـەسـێکی بێگـانـە کـە دۆستی کـورد بـێت بـۆی هـەیـە ببـێتـە ئـەندام.

٢- ئـەركەكـانی ئـەندام

١-٢ كــاركردن بۆ جێبەجێكردنی ئامانجەكانی كۆمـەڵە.

٢-٢ بەشداركردن لە چالاكییەكانی كۆمەڵەدا بەپێی توانا

٣-٢ ئامادەبوون لە كۆبوونەوەی گشتی ساڵانەدا

٣- مافی ئـەندامێتی

١-٣ هەموو ئـەندامێك مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی هـەیـە

٢-٣ هــەمــووئــەندامــێك مافی بـەشداریكردنی هەیـەلە پرۆژەی كـارو چـالاكـییـەكـان

٣-٣ ئـەندام بـۆی هـەیە بیرو بۆ چوون و پیشنیاری خۆی دەربـبڕێت و داواش بـكـات بـخرێتـە دەنـگدانەوە.

٤-٣ ئـەندام بـۆی هـەیـە ڕەخنە لەكۆمیتەی بەڕێوەبردن و لیژنـە جـوربـەجۆرەكـان بـكـرێت

٤- لەدەستدانی ئـەدامێتی

١-٤ هــەرئـەندامیك بـەپیچـەوانـەی ئامانجـەكانی كۆمــەڵەوە كـاربكات و گـێرەشێوینی بخاتە ناو ڕیزەكانییەوە، دووجـار ئـاگـادار دەكرێتەوە، بـەڵام و گـەر هـەربـەردەوام بوو لەسـەرپێچی كردن ئـەوا لەكۆبـوونـەوەی گشـتی سـاڵانـەدا بـەزۆربـەی دەنـگـی ئـەندامان دەردەكرێت.

٢-٤ هــەرئـەندامــێك ئـابـوونـە نـەدات تـاشـەش مانگ مافی ئـەندامێتی لەدەست ئـەدات، ئـەمـەش دوای ئـەوەی لەماوەی ئـەو شـەش مـانگەدا دووجـار ئـاگـاداردەكـرێتــەوە.

## پە رە گرافی چـوارەم

١ كـۆمیتەی بەڕێـوەبردن

١-١ لەكـۆبونەوەی سـاڵانــەدا بـەدەنـگدانی نـهێـیـی ئـەندامان هەڵدەبژێرێت

٢-١ لە حـەوت ئـەندام و دوو جێــگــر پێكدێت

٢ ئــەركــەكـانی

١-٢ لەسـاڵـێكـدا بـەلایـەنـیكـەمـەوە پێنچ كۆبوونـەوەی ئـاسـایی خـۆی دەكات

٢-٢ نــەخـشــەو بـەرنامـەی كـار بـۆ چـالاكـیـیـەكان دیاری دەكـات

٣-٢ لە سـاڵـێكدا بـە لایـەنی كـەمــەوە دوو كـۆبونـەوەی فراوان بـۆئــەندامانی ڕێكدەخـات

## پە رە گرافی پـێـنجـــەم

**١ـكــۆبونەوەی گشــتی ســالآنــە**

**١ـ١ بــەرزترین دەسەلآتــە و ســالّی جاریک دەبەسترێت**

**٢ـ١ لەزۆربەی ئــەندامانی كــۆمــەڵە پـێـک دێـت**

**٣ـ١ بــەرنامــەی كـار و چـالاكـی كـۆمـەڵە دیاری دەكـات**

**٤ـ١ پرۆگــرام و پە یرە وی ناوخۆی كــۆمــەڵە دیاری دەكـات**

**٥ـ١ كــۆمیتەی بەرێــوەبردن هەڵدەبژێرێت**

**٢ـكۆبوونـەوەی كـتوپڕ دەبــەســترێت لە ســەر داوای ٢/٣ ی ئەندامانی كــۆمیتــەی بـەرێـوەبردن**

## پە رە گرافی شــەشــەم

**دارایی**

**١ دارایی كــۆمــەڵە پـێـک دێـت**

**١ـ١ ئابوونەوەی سالآنــەی ئــەندام كە ١٢٠ كرۆنی دانمارکیە**

**٢ـ١ یارمەتی دۆستان و ئــەندامان**

**٣ـ١ داهــاتی چالاكیـیەكـانی كــۆمــەڵە**

**٢ـ كۆمــەڵە هــەوڵدەدات بۆ وەرگرتنی یارمەتی لە كۆمۆنی رۆسكیلە و لایەنە ڕەسمیەكان**

**٣ـ لەكــاتی هــەڵوەشــاندنەوەی كــۆمــەڵەدا هــەمــوو دارایی و كــەلوپەل و شت و مەكەكانی كــۆمــەڵە دەدرێتە یــەكــێك لە رێكخراوە خــێرخوازەكــانی كــوردســتان**

---

**كــۆبونەوەی گشــتی ســالآنــەی كۆمـەڵەدا لە ئاداری ٢٠٠٢ پەسەنكراوە**